لەم ژمارەیەدا
ل٣ ئۆپۆزیسیۆن رۆحی دیموکراسیە
ل٥ کابینەی پێنجەم لە روانگەی هاوڵاتیانەوە
ل٦ ژن و زێڕ
ل٧ ئەی خودا بۆ بێدەنگیت هەڵبژارد؟

رۆژی گەل
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٥٦) یەکشەممە ٢٠٠٦/٩/٣

## تورکیا ئامادەکاری بۆ بە فەرمی ناسینی حکومەتی هەرێم دەکات

هەفتەنامەی ئیکۆنۆمیست کە هەفتەنامەیەکی ناوداری جیهانیەو لە لەندەن بڵاودەکرێتەوە، لەدوایین وتاری خۆیدا سەبارەت بە کوردستان، باس لەداهاتووی باشووری کوردستان دەکاتو پێوەندی نێوان حکومەتی هەرێمو دەوڵەتی تورکیا دەخاتە ژێر پرسیارەوەو دەنووسێ: وێڕای زۆریەتی شیعەی عێراقو فیدراڵبوونی هەرێمی کوردستان، تورکیا ناچار دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا بەنابەدڵیەوەستراکتۆری باشووری کوردستان وەك حکومەتی نیوە سەربەخۆ لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا بەفەرمی بناسێو بۆ ئەم کارەشی نموونەی سکۆتلاندو هەرێمی کاتالۆنیا لەبەرچاو بگرێو پەسندی بکات.

# ٥٠ موستەشار هەوڵی زیندووکردنەوەی فەوجەکانیان دەدەن

تایبەت بە رۆژی گەل: کۆنە موستەشارێك کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ لەرێگەی پەیوەندیەکی تەلەفۆنیەوە بە هەفتەنامەی (رۆژی گەل)ی راگەیاند کە لە ماوەی رابردوودا بەمەبەستی زیندووکردنەوەی فەوجەکانیان ٥٠ کۆنە موستەشار سەردانی بەغدایان کردووەو لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کۆبوونەتەوە. لە کۆبوونەوەکەدا باس لەچۆنیەتی دامەزراندنەوەی فەوجەکانیان کردووە خواستوویانە لە چوارچێوەی دامەزراندنەوەی قەوارە هەڵوەشاوەکاندا فەوجەکانی ئەوانیش زیندوو بکرێنەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە سێ ساڵە موچەیان لێبڕاوەو هاوکاری نەکراون، داوای قەرەبوو کردنەوەشیان کردووە.

ئەوان پێیانوایە رەوشی ژیانیان ناخۆش بووەو هەڕەشەی مەرگیان لەسەرە. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن چونکە ئامادە نەبوونە بچنە ریزی حزبەکانەوە هەندێك لە هاوپیشەکانیان تیرۆر کراون. بە گوتەی ئەو کۆنە موستەشارە حکومەتی عێراق پشتیوانی خۆی لە داخوازیەکانی ئەوان راگەیاندووەو بەڵێنیان پێداون کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بەکار دەبنو فەوجەکانیان بۆ زیندوو دەکەنەوە.

بەگوێرەی هەواڵ هەمان ئەو موستەشارانە چاویان بە بەرپرسێکی بەریتانیا کەوتووەو هەمان داخوازییان دووپات کردۆتەوە، بەرپرسە بەریتانیاکە بە رشتی پشتیوانی لێکردوونو بەڵێنی پێداون کە هاوکارییان دەکاتو خواستەکەیان بە ئەنجام دەگەیەنێ.

بەگوێرەی هەواڵ زۆربەی ئەو موستەشارانە سەرۆك هۆزو کەسانی ناسراوی پارێزگای موسڵو دهۆکن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حزبەکان خزمەت بە جەماوەر ناکەن، ئارامیو ئاسوودەیی ناوچەکە دەشێوێنن، خەریکی سامان کۆکردنەوەو خۆ دەوڵەمەندکردننو ئاگایان لەجەماوەر نەماوە. ئەوان لە رەفتاری حزبەکان نارازینو هەست بە مەترسی هەڵوەشانەوەی خێڵو هۆزەکانیان دەکەن. ئەو کۆنە موستەشارە دووپاتی کردەوە کە حزبە سیاسیەکان ناچاریان کردوون کە ئەو هەنگاوە هەڵبگرنەوەو جارێکی دیکەش بیر لەزیندووکردنەوەی فەوجەکانیان بکەنەوە.

## سەرۆکی حکومەت بریندارە و لە ئەڵمانیا تیمار دەکرێ



بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی BNK، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە ٣ گوللەی دەمانچە بریندارەو ئێستا لەئەڵمانیا چارەسەر دەکرێ.

هەواڵنێری ماڵپەڕی BNK لەدهۆکەوە ئەو هەواڵەی بۆ ماڵپەڕەکە ناردووە کە رۆژی ٢٩-٨-٢٠٠٦ بڵاوکردووەتەوە، رایگەیاندووە کە سەرۆکی حکومەت لەلایەن یەکێ لەئامۆزاکانیەوە تەقەی لێکراوە و ٣ گوللەی دەمانچەی بەرکەوتووە، بەو هۆیەشەوە رەوانەی نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا کراوە.

ئەوەی شیاوی باسە تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی رەسمیو نا رەسمی لەهەرێمی کوردستاندا ئەم هەواڵەی پشتڕاست یان بەدرۆ نەخستۆتەوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە هەوڵماندا لەرێگەی تەلەفۆنەوە پێوەندی بەنووسینگەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بکەین، بەڵام بەداخەوە پەیوەندیەکە وەرنەگیرا.

سەرچاوە: www.nbk.eu.tc

## هاوڵاتیو خوێندنی لیبراڵ دادگەیی دەکرێن

هەواڵەکان: هەریەکە لە رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵو هاوڵاتی لەدادگەدا سکاڵایان لە دژدا تۆمار کراوە، بەوهۆیەوەو بەمەبەستی وتە وەرگرتینان بانگهێشتی دادگە دەکرێن.

رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ بەهۆی ئەو ریپۆرتاژەی کە لە ژمارەی رۆژی ٢٧-٨-٢٠٠٦ لەسەر سەنتەری گەنجانی رانیە بڵاوی کردۆتەوە، دەدرێتە دادگە. پاش ئەوەی لە رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ دیمانە لەگەڵ دوو ئەندامی پێشووی ئەو سەنتەرە کراوە، لێپرسراوی سەنتەری گەنجانی رانیە لە رێگەی پارێزەرەکانیەوە سکاڵای یاسایی لەسەر رۆژنامەکە تۆمارکردووە، وێڕای ئەوەی داوای داخستنی رۆژنامەکەی کردووە، داوای یاسایی لەسەر ئەو دوو کەسەش تۆمار کردووە کە ئەو دیمانەیان لەگەڵدا کراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە دادگەی شارۆچکەی کفری داوای لە خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری هەفتەنامەی هاوڵاتی کردووە کە بەهۆی ئەوەی لە ژمارەیەکی هاوڵاتیدا هەڤپەڤینێك لەگەڵ پارێزەرێك کراوەو ئەویش رەوشی ناو دادگەی شاری کفری وەدیار خستووەو باسی لە گەندەڵیەکان کردووە، لەبەردەم ئە و دادگەیە ئامادەبن.

بۆ سەرڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە رۆژی گەل بە تەلەفۆن پەیوەندی بە نووسینگەی هاوڵاتی شاری سلێمانی کرد، ئەوانیش دووپاتیان لەسەر راستی هەواڵەکە کردەوە.

## سەرنجی تورکیا بۆ سەر مادەی ٣٠١ رادەکێشرێ



ئۆلی رێن، بەرپرسیاری بەرفراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا لەرێگەی ئاشکراکردنی راپۆرتی پێشوەچووندا و بەهۆی نامەیەکەوە سەرنجی عەبدوڵڵا گول، وەزیری دەرەوەی تورکیای بۆ سەر مادەی ٣٠١ راکێشاوەو وشیاری پێداوە.

لەرێگەی ئەو نامەیەوە ئۆلی رێن داوای کردووە کە دەستبەجێ دۆزی هرانت دینگ، ئەلیف شافاكو تەواوی نووسەرو رۆژنامەوانانی دیکە رابگیرێن.

یەکێتی ئەوروپا ئەو ریفۆرمانەی لە تورکیا ئەنجام دراون بەکەم دەزانێو داوا دەکا گرفتو ئاستەنگەکانی بەردەم چاپەمەنیو پەروەردەی کوردی هەڵبگیرێن. هەروەها داوا دەکات کەدەبێ کەمە نەتەوەکانی ناموسڵمان لەبەڕێوەبردنی رێورەسمی ئایینی خۆیان ئازادبن.

ئەو هۆشیاریەی ئۆلی رێن لەکاتێکدا دێ کە چاوەڕوان دەکرێ لە کۆبوونەوەی هەفتەی داهاتوودا دەوڵەتی تورك لەبەرانبەر ئەو پرسانەدا دووچاری ئاستەنگی ببێتەوە.

## رۆژهەڵات

دادگەییکردنی سەدامو تاوانبارانی دیکە لەسەر پڕۆسەی ئەنفالی بەدناو، هەم ئاواتێکی گەلی کوردستانەو هاتۆتەدی، هەم رابردووی تاڵی لەهزری بنەماڵەی ئەنفالکراوەکاندا زیندوو کردۆتەوە. ئەم دادگەییکردنە گوڕوتینێکی نوێی بە لاوانی کوردستانو پاشماوەی قوربانیەکان بەخشیوە تا راشکاوانە داوای دادگەییکردنی ئەو کوردانەش بکەن کە راستەوخۆ بەشدارییان لەپڕۆسەی ئەنفالدا کردبوو، دەستیان بەخوێنی هاوڕەگەزانی خۆیان سوور کردبوو، کەچی لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە بووردرابوون. شیاوی باسە ژمارەیەکی زۆر لەو کوردە موستەشارو مەفرەزە تایبەتییانە لەپێش لەشکری داگیرکەرەوە گەمارۆی گوندو ئاواییەکانی کوردستانیان دەدا، هاوخوێنو هاوڕەگەزی خۆیان دەگرتو بەرەو چاڵەکانی ئەنفال رەوانەیان دەکردن، ئەمڕۆش بنەماڵەی ئەو قوربانیانەو جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان راشکاوانە داوای دادگەیی کردنی ئەو تاوانبارانە دەکەنو لێبووردنەکەی بەرەی کوردستانی رەتدەکەنەوە، بە دادپەروەریو رەوای دەزانن کە تاوانباران لەبەردەم دادگەدا رابگیرێنو سزا بدرێن.

لاوانی گەرمیانو ژمارەیەکی زۆر رۆشنبیرو سیاسەتمەدار هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیان دەست پێکردووەو دەخوازن کە جەماوەر شێلگیرانەو بەبڕشت بەشداری لەو هەڵمەتەدا بکەن، ئەوان گەرەکیانە سەدان هەزار ئیمزا کۆبکەنەوە. گرفتەکە لەوەدانیە کە ئەو موستەشارو ئەنفالچیانە بووردراون، بەڵکو قوڵبوونەوەی کارەساتو برینەکان لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە بەشێك لەو ئەنفالچیانە لەنێو رێزی حزبە دەستەڵاتدارەکاندا جێگەیان کراوەتەوە، پلەو پایەیان پێدراوە، بەمەبەستی خۆشبژێویو بەختەوەری هاوکاری کراون. هەندێك بەنوێنەرایەتی بنەماڵەی قوربانیەکانەوە لەسەر لیستی حزبەکان رەوانەی پەرلەمان کراون.

ئێمە لەو کاتەدا قسە لەسەر رەوایەتی بڕیارەکەی ئەوکاتی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ناکەین، چونکە دەزانین کە بەرەی کوردستانی نە دادگەی باڵا بوو، نە دەستەڵاتێکی هەڵبژێردراویش بوو، بەڵام زۆر لێبڕاوانە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی بنەماڵەی قوربانیەکانو داوای دادگەییکردنی تاوانباران دەکەین. دادگەییکردنی تاوانبارانو خۆفرۆشانی نەتەوەکەمان ئاسۆیەکی روون بۆ داهاتووی گەلی کوردستان دەکاتەوە، مێژوویەکی پڕشنگدار دەنەخشێنێ. دیوارێکی ئەستوور لەنێوان رابردوو، داهاتوودا دروست دەکات. پەندو ئەزموونێکی گرانبەها لەمێژووی نەتەوەکەمان تۆمار دەکات.

ئێمە پێمانوایە ئەگەر ئەوێ رۆژێ بەبیانوی هەبوونی رژێمی سەدام لەبەرانبەرمانو بۆ دەستەمۆکردنی جاشو موستەشارەکان بڕیارێکی لەو بابەتە وەرگیرابێو تاوانەکانیان چاوپۆشیان لێکرابێ، ئەوا ئەمڕۆ ئەرکێکی بەپەلەی هێزە سیاسیەکانو کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستانە کە مێژوویەکی پاكو بێگەردو رەوان تۆمار بکەن، ئەوەتا هێشتا دادگەیی کردنی دیکتاتۆرو تاوانباران تەواو نەبووە، کەچی بەشێك لەو موستەشارو کۆنە جاشانە هەڵپەی زیندوو کردنەوەی قەوارە هەڵوەشاوەکانیان دەکەن. زیندوو کردنەوەی ئەو بیرۆکەیە واتای درێژەدان بە خۆفرۆشیو دوژمنایەتی لە دژی گەل دەگەیەنێ، نابێ دەستەڵاتی سیاسی کوردستان رێگە بدات بەو پیلانە سەربگرێو دووبەرەکی زیندوو بکرێتەوە.

## ناوی ژمارەیەك ئەنفالچی بڵاو دەکرێتەوە

رۆژی گەل لە بەدواداچوونێکدا ناوی ژمارەیەك موستەشارو ئامر مەفرەزەی تایبەتو رەفیق حزبیو موختاری دەستکەوتووە کە راستەوخۆ بەشدارییان لەپڕۆسەی ئەنفالی بەدناودا دژ بە خەڵکی سڤیلی ناوچەکانی کوردستاندا کردووە. درێژەی ئەم هەواڵە لە لاپەڕە ٧ دا دەخوینێتەوە، لەگەڵ ژمارەی ئەو قوربانیانەی کە لەلایەن ئەو ئەنفالچییانەوە رادەستی رژێمی بەعسو سوپای ئەنفال کراون.

## ئێسکێکی ١٠ ملیۆن ساڵی دەدۆزرێتەوە



سەرەتاییەکان ئەم ئێسکە هی ئاژەڵێکی نەناسراوەو مێژووەکەی بۆ ٨- ١٠ ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە.

هەواڵەکان: لەنزیك گوندی مام رەشی شارۆچکەی چەمچەماڵ ئێسکێکی تەمەن ١٠ ملیۆن ساڵی دەدۆزرێتەوە.

جووتیارێکی گوندی مام رەش لەکاتێکدا خەریکی کارکردن لەنێو باخەکەیدا دەبێ ئێسك وپروسکێك کە درێژییەکەی سێ مەترو نیو دەبێ دەدۆزێتەوە.

جووتیارەکە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم مەسەلەیە ئاگادار دەکاتەوە، ئەوانیش تیمێکی توێژینەوەی بەرایی رەوانەی ناوچەکە دەکەن، بەگوێرەی پشکنینە

